# چالاکانی مەدەنی کوشتنی ئافرەت و خۆبەخاوەن نەکردنی تەرمەکەی لەلایەن کەسوکاریەوە ئیدانە دەکەن



**هێشتا لەکوردستان کوشتنی ژنان بە پاساوی شەرەف و بیانووی جۆراوجۆر بەردەوامەو تا ئێستاش چەندین کەس کە تۆمەتبارن بەو کوشتنانە دەستگیر نەکراون. ئامارەکانی کوشتنی کچان و ژنان لە ساڵی ٢٠١٧ کە نووسینگەکانی نەهێشتنی تاوان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان تۆماریان کردووە، ئاشکرای دەکات کە لە ساڵی رابردوو ٥٠ ئافرەت کوژراون. بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دادی هەرێمی کوردستانیش لە ساڵی ٢٠١٧ تا ئێستا ١٢ تەرمی نەناسراو و بێ خاوەن لە پزیشکی دادی ماونەتەوە، بەپێی یاساش دوای سێ مانگ تەرمەکان دەدرێنە شارەوانی و بەخاک دەسپێردرێن. چالاکانی مەدەنیش کوشتنی ئافرەت و خۆ بەخاوەن نەکردنی تەرمەکەی لەلایەن کەسوکاریەوە ئیدانە دەکەن. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان هەڵسەنگاندنی ئەو دیاردەیە دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

جگە لە حاڵەتەکانی کوشتنی ئافرەتان، خۆ بەخاوەن نەکردنی تەرمەکەی لەلایەن کەسوکاریەوە بووەتە شتێکی باو، کە نموونەی بەرچاویان ئەوە بوو کە لە ماوەی رابردوودا ئافرەتێك لە پارکی دایك لەلایەن باوکیەوە کوژرا، کە کەسوکارەکەی ئامادە نەبوون تەرمەکەی وەربگرنەوە، هەروەها هەڕەشەیان لەهەر کەسێك دەکرد کە تەرمەکە وەربگرێت و بینێژێت. بەڵام رێکخراوەکانی ئافرەتان لە سلێمانی بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ دامودەزگاکانی حکومەت لە هەماهەنگیدا بوون بە مەبەستی وەرگرتنەوەی تەرمەکە و ناشتنی کە پاش ٢٤ رۆژ توانییان تەرمەکە بنێژن.

فەزیلە شۆڕش بەرپرسی ئۆفیسی ئەورووپای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، کوشتنی ئافرەت و تیرۆرکردنی بە هەر بیانوویەك بە «کارێکی قێزەونی دوور لە هەموو بەهاکانی مرۆڤایەتی» ناو دەبات. هاوکات دەڵێت: «ئافرەت واتە میهرەبانی و سۆزی دایکایەتی و خۆبەختکردن لە پێناوی خێزان و لە هەمووشی گرنکتر کۆلەکەی بنیادنانی کۆمەڵگەیە، ئایا ئەمە وا ناکات تاك و کۆمەڵگە لانیکەم رێز لە کەسایەتی ئافرەت بگرن؟ بەداخەوە هێشتا تێڕوانینی تاك و کۆمەڵگەی ئێمە بۆ خەسڵەتە پیرۆزەکان و تواناکانی ئافرەت لە تەسکیدایە و زۆر لەسەرخۆ گەشەدەکات، بەڵکو پێشکەوتنی ئافرەت بووەتە ترسێك بۆ زۆر کەس. بە بۆچوونی من بیرۆکەی کوشتنی ئافرەت دەرئەنجامی شکستی متمانەی پیاوە بە خودی خۆی. لە زۆربەی حاڵەتەکان بکوژەکە کە نێرەو خۆی بە(پیاو) دەزانێت، نازانێت بەو تاوانە گەورەیەی، پیاوەتی و جوامێریی نامێنێ و مێژوویەکی رەش بۆ خۆی دەنووسێتەوە.» گوتیشی: «فڕێدانی تەرمی ئافرەت و نەبوونە ساحێبی نیشانەی نەبوونی ویژدان و بێڕبێزی و کەسایەتییە نەخۆشەکەی خێزان و بنەماڵەی ئافرەتەکەیە، ئەگەر خێزان جەستەی ئافرەت بە شەرەفی خۆی دادەنێ، ئەوا بە کوشتن و فڕێدانی جەستەی ئافرەتەکە و وەرنەگرتنەوەی تەرمەکەی خۆیان هەتکی شەرەفەکەی خۆیان دەکەن.» ئەوەشی خستەڕوو کە لەو حاڵەتانەدا شارەوانی ناچار دەبێت، خۆی لە گۆڕستانێکی دوورەدەست تەرمەکە بشارێتەوە، بەڵام دەبێت سزا هەبێت بۆ بەرپرسی خێزانەکە لەوەرنەگرتنەوەی تەرمەکە، گوتیشی: «داواکارم و هیوادارم رۆژی ناشتنی تەرمی ئافرەتی کوژراو و فڕێدراو لەلایەن شارەوانییەوە، شارەوانی هەموو رێکخراوەکانی ئافرەتان ئاگادار بکاتەوە، بۆ ئەوەی ئەم تەرمە بێنازە لە کەرنەڤاڵێك بشاردرێتەوە کە شایانی پیرۆزیی ئافرەت بێت و ببێتە سیمبولی خۆشەویستی بۆ هەموو ئافرەتێك، چونکە خۆشەویستی سەروەری ژیان و بناغەی پێکەوەژیانی مرۆڤایەتییە.»

دیمەن محەمەد بەڕێوەبەری گشتی چاکسازیی ئافرەتان،

**وەکو بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان جیهەتێکی جێبەجێکارین بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی کێشەکان، بەڵام لە پێناو پاراستنی شکۆی ئافرەت ئامادەی هەموو هاوکارییەکین هەر ڕێکخراوێک پەیوەندیمان پێوە بکات بەپێی توانا و دەسەڵات کارئاسانییان بۆ دەکەین و هاوکاریان دەبین**

**ئافرەت واتە میهرەبانی و سۆزی دایکایەتی و خۆبەختکردن لە پێناوی خێزان و لە هەمووشی گرنکتر کۆلەکەی بنیادنانی کۆمەڵگەیە، ئایا ئەمە وا ناکات تاک و کۆمەڵگە لانیکەم ڕێز لە کەسایەتی ئافرەت بگرن؟**

**وەک ڕێگاچارەی سەرەکی بۆ بنبڕکردنی ژنکوژی دەبێت بەهاکانی مرۆڤدۆستی پەرە پێ بدەین و زاڵیان بکەین بە سەر بەهاکانی نامووسپەرستیدا**

سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «کوشتنی ئافرەت لە دێرزەمانەوە لە کۆی کومەڵگەی نەریتی بە کومەڵگەی کوردیشەوە لە ژێر ناوی کڕینەوەی شەرەف هەر هەبووە، لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و ڕوژگار بەردەوام بووە و لە حاڵەت بووە بە دیاردە. بە حوکمی ئەوەی ئەو کومەڵگەیانە، کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاری بوون و تا ئیستاش هەر بەو شیوەیە ماونەتەوە، هەر بۆیە هەموو کاتێک ماف بە پیاو دراوە، شەرەفی خێزانەکەی بە زەوتکردنی ماف و ئازادییەکانی ئافرەت بپاریزێت، هەروەك بینیومانە کە چەندین ئافرەت بوونەتە قوربانیی دەستی هەڵەیەك کە ڕوویداوە. هەرچەندە دەتوانین بڵێین لە ڕۆژگاری ئێستادا ئەو دیاردەیە کاڵبوونەوەیەکی بە خۆوە بینیوە، بەڵام تا ئێستاش لێرەو لەوێ گوێبیستی کوشتنی ئافرەت لە ژێر پاساوی شەرەف دەبین. جێگەی داخە زۆربەی کوشتنەکان بە نهێنی دەکرێن و کاتێکیش ئاشکرا دەبێت، کەسوکاری ئافرەتەکە نکۆڵی لە وەرگرتنەوە و ناشتنی تەرمەکەی دەکەن، بۆیە ناچار شارەوانی هەڵدەستێ بە ناشتنی، وەك دەزانرێ ئەگەر بەڵگە لەسەر کوشتنی ئافرەتەکە نەبێت، یاسا ناتوانێ ڕێوشوێنی خۆی بەرامبەر تاوانەکە بگرێتەبەر.»

بەڕێوەبەری گشتی چاکسازیی ئافرەتان ڕایوایە «لە پێناو بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست پێویستە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەوڵی کۆڕو کۆبوونەوەکان بێنە مەیدان و بە کردار کار لەسەر ئەو کێشەیە بکەن بۆ ئەوەی دەست لە ناو دەست کار لەسەر کەمکردنەو بنبڕکردنی ئەو دیاردەیە بکرێت، بەتایبەت ئەو ڕێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە تایبەتمەندن بە بواری ئافرەت، دەبێت زۆر بە جددی و مەیدانییانە کار بکەن بو ئەوەی چیتر ئافرەت بە ناوی شەرەفەوە نەبێتە قوربانی، چونکە مەرج نییە هەڵەیەك ببێتە هۆی لە ناوبردنی ژیانی مرۆڤێک کە لە وانەیە بێ تاوانیش بێت، ئەویش بەوەی بپرژێنە نێو کوچە و کوڵانەکان و شان بە شانی پیاوانی ئایینی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کەسانی خاوەن بڕیاری نێو کۆمەڵگە، هەوڵی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بدەن و هەماهەنگیەك دروست بکەن لەگەڵ بنکەکانی تەندروستی و نەخۆشخانەکان و بنکەکانی پۆلیس بۆ ئەوەی لە کاتی بوونی حاڵەتێکی لەناکاوی لەو شێوەیە دەم و دەست ڕێکاری یاسایی بگیرێتەبەر و هەوڵی نەهێشتنی ئەو دیاردەیە بدرێت، چونکە ئەو کەسانەی لە کۆڕ و کۆبوونە و سیمینارەکان بەشدارن، کەسانێکن خویان بە پارێزەری ئافرەت دەزانن. ئەوکات ڕوئیای کۆمەڵگەش سەبارەت بە هەوڵی ڕێکخراوەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت.»

د. چەواس حەسەن مامۆستا لە کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان/ زانکۆی سەلاحەددین، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت:»بە ڕای من ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پتر ڕۆڵ دەبینن بۆ بەرگری لەمافەکانی ئافرەت و ڕێگریکردن لە تاوانی لەو چەشنە. بەڵام دەشکرێت ڕێکخراوەکان لەو کاتەدا بەشداری بکەن بۆ سازدانی مەراسیمی شایستە بە شاردنەوەی قوربانییەکە، وەك ڕێزلێنانێك بۆ قوربانییەکەو ئیدانەکردنی قێزەوەنی کوشتنی ئافرەتان.» لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا بە ڕای ئێوە دیاردەی ژنکوژی بە چ ڕێگەیەك کەم دەبێتەوە؟ گوتی: «ئەوە پتر پەیوەندی بەوە هەیە کە مرۆڤ لەم مەملەکەتەدا چۆن سەیری مرۆڤ دەکات و بەهای مرۆڤ لەلای مرۆڤ چەندە؟ دیاردەی ژن کوشتن سەرجەم بەهاو تێڕوانین و بیروباوەڕەکانمان دەخاتە ژێر ئەو پرسیارەی کە ئێمە تەنیا لە وەهمی مرۆڤدۆستیداین، نەك بە ڕاستی و ڕاستەقینەیی هەڵگری بەهای مرۆڤدۆستی بین..چونکە ئەوە تەنیا ژنکوژ نییە کە حەز دەکات ژن و خوشك و کچی خۆی بکوژێت، بەڵکو بەشێکی هۆکار و پاڵنەری ژن کوشتن پەیوەستە بە کۆمەڵگەوە کە لەلایەك نامووسپەرستی لە مرۆڤدۆستی بە گەورەتر داناوە، لەلایەکی تریش کۆمەڵگەکەمان سەرزەنشت و مامەڵە و سزایەکی توندی مەسەلەکانی نامووس دەدات، واتە ناڕاستەوخۆ خەڵاتی نامووسپەرست و ژن کوژ دەکات، بۆیە تاك دەکەوێتە دووڕیانی هەڵبژاردنی مرۆڤدۆستی و نامووسپەرستی و لەوەشەوە زۆربەی تاکەکان نامووسپەرستی هەڵدەبژێرن، چونکە ئەوە بۆ ئەوان باشترە وەك لە مرۆڤدۆستی. بۆیە وەك ڕێگاچارەی سەرەکی بۆ بنبڕکردنی ژنکوژی دەبێت بەهاکانی مرۆڤدۆستی پەرە پێ بدەین و زاڵیان بکەین بە سەر بەهاکانی نامووسپەرستیدا.»

لە لای خۆیەوە موقەدەمی مافپەروەر ژیلەمۆ عەبدولقادر بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتانی هەولێر تایبەت بۆ گوڵان گوتی: «بەداخەوە کوشتنی ژنان بەردەوامە، بەڵام خۆشبەختانە تادێت ڕێژەکەی کەمتر دەبێتەوە و ئەوەش مایەی دڵخۆشییە.» گوتیشی: «حاڵەتی وا هەیە کە کەسوکاری نادیارن، یان ئامادە نین تەرمەکە وەربگرنەوە، لەو کاتەدا شارەوانی بە هاوکاری فەرمانگەی پزیشکی دادی تەرمەکە دەشارنەوە، لە هەولێر حاڵەتی وامان نەبووە، بەڵام لە سنووری سلێمانی کەیسی وا هەبووە و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان لە ڕێورەسمێکدا هەستاون بە ناشتنی، سەبارەت بە حالەتی ئەم دواییەی شاری کۆیە ئافرەتێکی چالاکی مەدەنی پەیوەندی پێوەکردین و داوای ڕێوشوێنی وەرگرتنەوەی تەرمەکەی لێ کردین بۆ ئەوەی بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکان بینێژن، ئەوکات ئەگەر کەسوکارەکەی ئامادە نەبوون، تەرمەکە وەربگرنەوە، دەکرێ ڕێکخراوەکان بە نووسراوێك لە دادگا داوای وەرگرتنەوەی بکەن و ڕێوشوێنی یاسایی جێبەجێ بکەن. ئێمە وەکو بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان جیهەتێکی جێبەجێکارین بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی کێشەکان، بەڵام لە پێناو پاراستنی شکۆی ئافرەت ئامادەی هەموو هاوکارییەکین هەر ڕێکخراوێك پەیوەندیمان پێوە بکات بەپێی توانا و دەسەڵات کارئاسانییان بۆ دەکەین و هاوکاریان دەبین.



# بارودۆخی دەروونیی منداڵانی کوردستان لە هەلومەرجی ئێستادا چۆنە و داهاتوویان بە چ ئاقارێکدا دەڕوات؟

گوڵان: کۆمەڵایەتی

**لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا منداڵان بە میرات وەرگرانی ئەمڕۆ و نەوەی دواڕۆژ و هێز و وزەی وڵات دادەنرێن، حکومەت و سیاسەتوانانی ئایندەسازیش بایەخێکی زۆر بە منداڵ و پەروەردە و گەشەکردنیان دەدەن، کوردستانیش دۆخێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە بە ئاسانی داهاتووی منداڵانی تێدا ناخوێندرێتەوە. ئایا بارودۆخی دەروونیی منداڵانی کوردستان لە هەلومەرجی ئێستادا چۆنە و داهاتوویان بە چ ئاقارێکدا دەڕوات؟ زانستی دەروونی چ رێکارگەلێک دەخاتە بەردەم حکومەت و دایک و باوکان بۆ ئەوەی نەوەیەکی کارامە و بەتوانا و خاوەن کەسایەتی دروست بکرێت؟ تا چەند کار بۆ ئەوە کراوە، کە داهاتوویەکی گەش پێشوازیی لە منداڵانی کوردستان بکات؟ بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە.**

**کاتێک منداڵێکی هەژار بەرەو قوتابخانە دەچێت و هیچ پارەیەکی پێ نییە، یان جلوبەرگێکی کۆنی لەبەرە، کە دەبینێت هاوپۆلەکانی پۆشتەن و پارەیان پێیە، بە سەر خۆیدا دەشکێتەوە و خەمبار دەبێت**

**لەدۆخی ئێستای هەرێمدا منداڵان قوربانیی یەکەمن و دۆخی نالەباری کوردستان کاریگەری زۆری لەسەریان داناوە بۆیە پێویستە بەپەلە کار بۆ باشترکردنی بارودۆخی هەرێمی کوردستان بکرێت**

سەرەتا ئیمان نەعمان حەجی چالاکی بواری مافی مرۆڤ و خۆبەخش لە ڕێکخراوی (word vision)، ئاماژە بەوە دەکات کە «منداڵ ڕەمزی بەردەوامبوونی مرۆڤە و هەتا باشتر پەروەردە بکرێت، کۆمەڵگەیەکی ساخلەم و پێشکەوتووتر بەدی دەهێنێت، بۆیە بە پلەی یەکەم ئەرکی سەرشانی دایک و باوکە کە لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا پارێزەر و پشتیوان و ئاگاداری منداڵی خۆیان بن، حکومەتیش دەبێت هەموو ئاسانکاریکیان بۆ بکات و پلانی جۆراوجۆری بۆ گەشەکردن و وەبەرهێنانیان هەبێت. سەبارەت بە منداڵانی کوردستانیش دەڵێت: «ئەگەر دۆخی سیاسی و ئابووریی هەرێمی کوردستان باشتر نەکرێت، ئەوا منداڵانی کوردستان هیچ داهاتوویەکی گەش چاوەڕوانیان ناکات، بەتایبەتی کە ژمارەی منداڵانی خوار تەمەنی ١٨ساڵ لە ناو خێزانەکاندا زۆرەو ئەگەر ماڵە باوان داهاتی باش و لانیکەم مامناوەندییان نەبێت، ناتوانن گرینگی بە پەروەردەی دروستی منداڵەکانیان بدەن.» جەخت لەوەش دەکاتەوە کە «باری دەروونیی خێزانی کەمداهات و هەژار زۆر مەترسیدارە، گەورەکان بەرگەی بارودۆخی وا ناگرن، چ بگا بە منداڵان، بۆیە فەرزە لە سەر حکومەت دەرفەتی کارکردن بڕەخسێنێت و دەزگای خاوەن کار بە حکوومی و کەرتی تایبەتەوە لە کاتی خۆی مووچەی مووچەخۆران دابین بکەن.»

نووسەر و ڕۆژنامەنووس سەباح شێخانی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «منداڵ مرۆڤێکی بچووکە، خاوەنی هەست و نەستێکی ناسك و پاك و بێگەردە، ئەوەی کە لەسەر زمانیدایە هەر ئەوەیە کە لە دڵیدایە، هەست بە خۆشییەکان و ناخۆشییەکان دەکات.» هێما بۆ ئەوەش دەکات کە پێداویستییە سەرەکییەکانی مرۆڤ دوو بەشن، بەشی یەکەمیان ـ پێداویستییە جەستەییە بایۆلۆژییەکان وەکو هەوا، خواردن، خواردنەوە، نووستن، کە بەبێ ئەم پێداویستییانە ژیان ئەستەمە.

بەشی دووەمیان ـ پێداویستییە سایکۆلۆژییەکانن وەکو، خۆشەویستی، سۆز و بەزەیی، ڕێزگرتن، ئاسوودەیی و دڵنیایی، ئازادی و سەربەخۆیی، سوپاس و هاندان، پێزانین و پاداشت، ئاشتی و خۆشی، هاوبەستەبوون بۆ خێزان و نەتەوە و نیشتمان و مرۆڤایەتی و هتد. ئەم پێداویستییانە مایەی بەختەوەری و شادی مرۆڤن.» هاوکات دەڵێت: «هەمیشە منداڵان لە جەنگدا دەبنە قوربانی، بە درێژایی شەڕی چەند ساڵەی ڕابردوو، زۆربەی ئەو منداڵە کوردە ئێزیدییانەی لەدەستی داعش ڕزگارکراون لە دۆخێکی دەروونیی خراپدان و بەشێکیان تاوەکو ئێستاش زۆر بەکەمی قسە دەکەن.» ئەوەشی خستەڕوو کە «بەپێی ئاماری پرۆتۆکۆڵی نێونەتەوەیی ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان لە نێوان (٦-١٤) ساڵیدایە، زۆربەیان لەبەر بارودۆخی نەگونجاو کاردەکەن کە ژمارەیان نزیکەی ٢٥٠ ملیۆن منداڵن لەجیهاندا، ئەو منداڵانەش لە کارکردندا ئازاد نین و لەلایەن خاوەنکار، یان کەسانی دەوروبەریانەوە تووشی ئەشکەنجەدانی دەروونی و جەستەیی دەبنەوە. لە کوردستانیشدا منداڵانی ئیشکەر بوونیان هەیە، بە هەر هۆکارێك بێت وەك (لەدەستدانی بەخێوکەر و گەورەی ماڵ، هەژاریی خێزان و کەمیی داهات دوور لەحەز و خولیاکانیان سەرقاڵی کارکردنن، هەروها هەندێك جاریش کەسوکار بە پاساوی دەستوپەنجە گەرمکردن لەگەڵ کارکردن و ڕاهێنان بۆ داهاتوویان منداڵان ناچاری کارکردن دەکەن. ئەو منداڵانەی کە دەخرێنە بەر کارکردن چیرۆکی جۆراوجۆریان هەیە، کە هەر چیرۆکە و چەندین بەسەرهات و ڕووداوی جۆراوجۆری لەخۆ گرتووە. تەنیا منداڵانی ئاوارە و پەنابەر لەم هەرێمە کارناکەن، بەڵکو ژمارەیەکی زۆری ئەو منداڵانەش کە لە زێدی خۆیان دەژین، ناچارن کاربکەن. بەهۆی خراپبوونی دۆخی دارایی هەرێم و ئەو قەیرانەی چوارساڵە هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە، تادێ ژمارەی منداڵانی ئیشکەر ڕوو لە زیاد بوون دەکات، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، سەختییەکانی ژیان و هەژاری و کارکردن نەیانتوانیوە ئومێدو هیواکان لەچاوی منداڵانی کوردستاندا دووربخەنەوە.»

شوعلە ڕەسول، کارمەندی تەندروستییەو ئەویش یەکێکە لەو هەزاران کەسەی کە پێداگری لەسەر پەروەردەی دروستی منداڵ و کۆمەڵگەیەکی تەندروست دەکەن، هاوکات دەڵێت: «لەدایکبوون و هاتنی منداڵ بۆ ناو خێزان، هەستێکی خۆش بە هەموو ئەندامانی خێزانەکەی دەبەخشێت، دەتوانین بڵێین ئەو هەستە لە خودی مرۆڤدا بوونی هەیە و لە ژیانی دایك و باوکدا ڕەنگدانەوەی دەبێت. منداڵ لە کایەی پەروەردەیی خێزانیدا و لە یەکەم فێرگەی ژیانی خێزانیدا ڕێچکەی خۆی دەگرێت بەرەو هاتنە ناو کۆمەڵگە، لەبەر ئەوە بوونی کۆمەڵگەیەکی تەندروست ڕەنگدانەوە و کاریگەریی زۆری لە ژیانی منداڵدا هەیە.» گوتیشی: «ئەگەر بەراوردێك بکەین



**هەرێمی کوردستان لە ئێستادا بە سات و دۆخێکی زۆر هەستیاردا تێدەپەڕێت و ئەوەش کاریگەری زۆری لەسەر خێزان بەگشتی و منداڵ بەتایبەتی دروست کردووە**

**تەفسیر و خوێندنەوەی باری دەروونیی منداڵان، تێفکرین و جەدەلی فراوانی ئەکادیمی و زانستی و تایبەتمەندی باری پەروەردەیی و نەفسی پێویستە بۆ تێپەڕاندنی ئەو ئاقارە نالەبارەی بۆ منداڵ لەم دۆخە نەخوازراوەی کە هاتۆتەئاراوە**

لە نێوان منداڵانی کۆمەڵگەکانی ئەورووپی و منداڵانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی، زۆر بە زەقی جیاوازی گەورە دەبینین لە باری پەروەردەیی و تەندروستی و کۆمەڵایەتی لە بەرەنجامی خوێندنەوەی قووڵ لە ڕوانگەی زانستییەوە.» سەبارەت بە منداڵانی کوردستانیش ڕایوایە: «جیهانبینیی کۆمەڵگەی کوردەواریش لەهەمبەر کۆنسێپتەکان لەهەموو بوار و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیانی منداڵاندا هەمان ڕێچکەی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی هەیە.» هاوکات دەڵێت: «لەم ڕووبەرە جوگرافیایەی ئێمەدا کە ناوی کوردستانە، ژیانی منداڵان لە باری دەروونییەوە سەختترە لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی، ئەویش لەبەر بوونی تەنگەژەی سیاسی و ئابووری و ناسەقامگیریی کایەی سیاسی، کە وای کردووە زۆر لە خواست و ئاواتەکانی منداڵان لە زادەی مەزاجی خێزان و کۆمەڵگەدا پێشێل کراون. لەم سەردەمەی عەولەمەیەدا دابینکردنی پێداویستی و پەروەردەی تەندروست لە ئەولەوییاتی کاری وەزارەتی پەروەردەیە، ئەڵبەت ئەوەشمان بیرنەچێت، ڕۆشنبیریی خێزان ڕەنگدانەوەی لە واقیعی هزری منداڵدا تیۆریزە دەبێت، بەڵام لە ڕوانگەی ناو کۆمەڵگەوە ئەرکی قورس لەسەر شانی مامۆستایانە لە پێگەیاندنی نەوەیەکی تەندروست لە منداڵان. گوتیشی: «ئەگەر سەیرێکی ئێستای دۆخی منداڵانی هەرێمی کوردستان بکەین بەگشتی و لەناوچە زۆر کێشەدارەکان و داگیرکراوەکاندا بەتایبەتی، دەبینین نەك هەر بنەماو پرەنسیپی پەروەردەیی نەماوە، بەڵکو هیچ مافێکی منداڵ لەبەر چاو نەگیراوە و بە هەموو شێوەیەک مافەکانیان پێشێل کراوە. واتە هەلومەرجی ئێستای هەرێمەکەمان کە نیوەی زیاتری لەژێر دەستی داگیرکاراندایە، دۆخی منداڵی بە ئاقارێکدا بردووە کە داهاتوویەکی مەترسیدار و چاوەڕوان نەکراوی لێ بەدی دەکرێت، چونکە ڕەوڕەوەی پێشکەوتن و پێگەیاندنی منداڵانی پەکخستووە. بۆیە تەفسیر و خوێندنەوەی باری دەروونیی منداڵان، تێفکرین و جەدەلی فراوانی ئەکادیمی و زانستی و تایبەتمەندی باری پەروەردەیی و نەفسی پێویستە بۆ تێپەڕاندنی ئەو ئاقارە نالەبارەی بۆ منداڵ لەم دۆخە نەخوازراوەی کە هاتۆتەئاراوە.»

سروە غەریب، پزیشکی پسپۆڕی منداڵانەو لە دەستپێکی ڕادەربڕینەکەیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «هەرێمی کوردستان لە ئێستادا بە سات و دۆخێکی زۆر هەستیاردا تێدەپەڕێت و ئەوەش کاریگەری زۆری لەسەر خێزان بەگشتی و منداڵ بەتایبەتی دروست کردووە.» پێشبینی ئەوەش دەکات: «منداڵانی کوردستان لە داهاتوودا کەسایەتییەکی هەستیاریان لێ دەربچێت.» سەبارەت بەو بۆچوونەشی دەڵێت: «ئەو بارە قورسە و دەروونە ماندووەی دایك و باوکان کاریگەری نیگەتیڤ لەسەر منداڵان دروست دەکات. ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان لە سەرووی هەشت ساڵانە زیاتر لە واقیعی ڕووداوەکان تێدەگەن و کاریگەری ئەو ڕووداوانە لە داهاتوودا زیاتر لەسەریان دەردەکەوێت، ئەوانەشی کە لە سەرووی ١٢ ساڵین کە دەبینن گەنجانی ئەم وڵاتە چەند بە قۆناغیکی سەختدا تێدەپەڕن و هیچ ئۆمێدیکیان نییە بەوەی کە لە دوای دەرچوونیان لە کۆلێژەکان لە بوارەکانی خۆیاندا کاربکەن، ئەمەش وا دەکات ئینیرجیی نەرێنی دروست بیت و کەسایەتییەکی لاوازیان هەبێت، بۆیە تا دۆخەکە وابێت، بەداخەوە هیچ گەشبین نیم.»

مافپەروەر ئیسماعیل هەنارەیی، سەۆکی ڕێکخراوی ئەنفال و نووسەر و ڕۆژنامەنووسە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «منداڵ ڕۆحێکی پاکی هەیە کە خوای گەورە بە دایک و باوکی دەبەخشێت، بوونی منداڵ لەهەرماڵێکدا خەندەو جوانی پێ دەبەخشێت، پێویستیشە پەروەردەکردنی لەژێر چاودێری و خزمەتێکی جواندا بێت، بۆ ئەوەی داهاتوویەکی گەشی هەبێت و کاراکتەرێکی سوودبەخش بێت بۆ کۆمەڵگە، بەپێچەوانەشەوە کەمتەرخەمی لەچاودێریکردنی دەبێتە هۆی مەترسی لەسەر ئایندەی ئەو منداڵە.» گوتیشی: «لە بارودۆخی ئێستادا کە هەرێمی کوردستان تووشی گرفتی سیاسی و قەیرانی ئابووری بووە، ئەوانە کاریگەری گەورەی لەسەر منداڵ دروست کردووە، ئەگەر سەرەتا باسی دۆخی سیاسی بکەین، ئەوا دەبینین منداڵانی کورد لەشارەکانی کەرکووك و دووز و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بە هۆی ئاوارەیی و دەربەدەربوونیان لەماڵ و شوێنی خۆیان دووچاری چەندین کێشە بوونەتەوە، وەك دابڕان لە خوێندن، یان زەحمەتی خۆگونجاندن لەگەڵ شوێنێکی دیکە و ژیانی ئاوارەیی، دواتر بە دڵنیاییەوە دڵەڕاوکێی دایك و باوك و کەسوکاریش ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەسەر منداڵان دەبێت. ئەگەر باسی قەیرانی ئابووری بکەین، ئەویش بێگومان کاریگەریی نەرێنی لەسەر منداڵ دروست کردووە، چونکە باوك، یان بەخێوکەری منداڵ ناتوانێت بەهۆی نەبوونی مووچە و خراپی باری دارایی پێویستییەکانی منداڵەکەی (جلوبەرگ، ئامێری یاریکردن، پێویستیی قوتابخانە و سەیران و تەنانەت خواردنیان)، جێبەجێ بکات. بەشێك لەخێزانەکان منداڵەکانیان لە قوتابخانە بێبەش کردووە بە هۆی ئەوەی ناتوانن ئیدارەیان بدەن، بۆیە لەدۆخی ئێستای هەرێمدا منداڵان قوربانیی یەکەمن و دۆخی نالەباری کوردستان کاریگەری زۆری لەسەریان داناوە بۆیە پێویستە بەپەلە کار بۆ باشترکردنی بارودۆخی هەرێمی کوردستان بکرێت، هەتا منداڵانیش لەو نێوەندەدا نەبنە قوربانی و بتوانن لە پەروەردەیەکی دروست سوودمەند بن و داهاتوویان گەش و باشتر بێت.»

شادمان سامی بەگ، یاریدەدەری پزیشکە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە «یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی خراپبوونی باری دەروونیی منداڵ، هەژاری و دەرامەت و داهاتی کەمی خێزانەکەیەتی.» نموونەش بەوە دەهێنێتەوە کە «کاتێک منداڵێکی هەژار بەرەو قوتابخانە دەچێت و هیچ پارەیەکی پێ نییە، یان جلوبەرگێکی کۆنی لەبەرە، کە دەبینێت هاوپۆلەکانی پۆشتەن و پارەیان پێیە، بە سەر خۆیدا دەشکێتەوە و خەمبار دەبێت، هەروەها باری دەروونیی خراپی دایک و باوکیش کە خۆیان لە بارێکی ناجێگیردا بن، کاریگەریی زۆری لە سەر منداڵ هەیە.»

